ناوةندى هةواَلطرى فيدراسيؤنسةراسةري ثةنابةرانى عيَراقى

**سكرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بە لێدان وسوکایەتیکردن بە پەنابەران سکاڵای لە UNHCRتۆمارکرد**
**جنیف : 11-9-2010:**





سەمیرە ئەحمەد ئەندامی ڕاوێژکاری فیدراسیۆن ڕایگەیاند"دوای ئەوەی **62** پەنابەری کوردی عێراقی ڕۆژی **9-6** لەلایەن کۆماندۆکانی حکومەتی بەریتانیا دیپۆرتی بەغدا کرانەوە، بەلێدان وئیهانەت پێکردن تەشهیرو سوکایەتی وەرگیرانەوە"
هەروەها ووتی"دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن سکاڵایەکەی لە حکومەتی بەریتانیو عێراقی لە کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لە جنیڤ تۆمارکرد لە گەڵ ژمارەیەک لە وێنەی ئەو پەنابەرانەی کە لێیان دراوە"
سەمیرە ئەوەشی ووت"بەدوای ئەو ڕووداوە تەواوی دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان لەسەراسەری ئەورووپا ئاگادارکردۆتەوە هەروەها پەیوەندیمان بە ژمارەیەک لە ڕێکخراوی پەنابەریو و ئینسانی کردوە. وێنەی ئەو پەنابەرانەشمان ئاڕاستەی ڕێکخراوی لیبوردنی نیو دەوڵەتی وهیومەنرایت ووچ کردوە"
ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن دوای پەیوەندی بەو پەنابەرانەی لیاندراوە لەکوردستان چەند وێنەیەکی ئەو پەنابەرانە بڵاو دەکاتەوە.
سەبارەت بە لێدان وسوکایەتیو تەشهیر بە ئیرادەی ئازادانەی ئەو پەنابەرە کوردانەی دیپۆرتی بەغدا کرانەوە، لەماوەی رابردوودا ووتوویژێکی گەرم کەتۆتە نێوان ووتە بێژی حکومەتی بەریتانیاو فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقییەوە بۆ بینینی زیاتری ئەو هەواڵانە بڕوانە هەواڵی میدیاکانی بەریتانیا لەم لینکانەی خوارەوە:

http://www.bbc.co.uk/news/uk-11252008

http://www.guardian.co.uk/uk/2010/sep/09/deported-iraqi-asylum-seekers-beaten-plane-allegations

**http://www.bbc.co.uk/news/uk-11139388**